# نالی لە کێشمەکێشمی دوالیزمی وشە و واتای ڕەوانبێژیی کۆندا

**سەنگەر نازم حوسێن حەمەد[1]، دەریا جەمال حەوێزی[2]**

[1,2] بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هەر لە کۆنەوە ئەدەب ڕووی لە ڕەوانبێژی کردووە، ئەگەر بپرسین ڕەوانبێژی چییە؟ دەتوانین بڵێین ڕەوانبێژی هەموو ئەو هونەر و دەستوورانە دەگرێتەوە کە دەبن بە مایەی بەخشینی جوانی و ڕەوانی بە وتە و دەربڕینەکان، بۆیە ئەدەب نەیتوانیووە بێ ڕەوانبێژی هەڵبکات.
تەنانەت زۆرجار وا پێناسەی ئەدەب کراوە کە جۆرە دەربڕینێکە خاوەن ڕەوانبێژییەکی باڵایە و بەهۆی ئەمەوە لە قسەی ئاسایی جیادەبێتەوە، نووسەر لە پرۆسەی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی چێژ ببەخشێت، هەمیشە پشت بەو هونەرە ڕەوانبێژییانە دەبەستێت کە لە سەردەمەکەی خۆیدا باون، زۆرجاریش پێوانە و هەڵسەنگاندنی نێوان دوو بەرهەم بەهۆی ئەم هونەرە ڕەوانبێژییانەوە بووە کە لە دەقەکاندا بەکارهێنراوە.
واتا هەر کاتێک دەقێکی ئەدەبی بە زۆرترین هونەری ڕەوانبێژی ڕازابێتەوە، ئەوا بە لای زۆر لە ڕەخنەگرانەوە بە دەقێکی باڵا سەیردەکرا، هەرچەندە ئەم هەڵسەنگاندنە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە.
کاتێك دەمانەوێت قسە لەسەر ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیشدا بکەین، دەتوانین بڵێین ئەدەبی کوردی لە دوو ئاڕاستەوە کاریگەریی ڕەوانبێژی عەرەبی لەسەربووە: یەکەمیان لە ڕێگەی فارسەکانەوە، هەروەک چۆن شتەکانی دیکەی کلاسیکی لە فارس وەرگرتووە، ڕەوانبێژییەکەشی لێخواستوون. دووەمیان: ڕاستەوخۆ لە عەرەبەوە وەریگرتووە، ئەم ئاڕاستەیە کاریگەرییەکەی کەمتر بووە، زۆرینەی شاعیرانی کورد دەکەونە ژێر چەتری ئاڕاستەی یەکەم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد بێئاگا بووە لەو کێشە و ململانێیەی نێوان ڕەوانبێژکارە عەرەبەکان، بە پێچەوانەوە زانیارییەکی زۆریان لەو بوارەدا هەبووە و یەکێکیش لەمانە (نالی)یە.
بۆ یەکەمجارە لە توێژینەوەیەکدا بە شێوازێکی پراکتیزەییانە باس لە ڕادەی کاریگەری نالی بە ڕەوانبێژی عەرەبی دەربخرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** وشە، واتا، نالی، جاحز، گورگانی.

## ١. پێشەکی

ئەدەب وەک لایەنێکی ژیاری و مەعریفەیەکی تایبەت بە مرۆڤ، هەر لە کۆنەوە ڕووی لە ڕەوانبێژی کردووە و نەیتوانیوە بێ ئەو هەڵبکات، تەنانەت زۆرجار بوونی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا تەنیا وابەستە نییە بە زانین و ئەزموونەوە، تەنیا لە دەقی نووسراودا چاومان بە ڕەوانبێژی ناکەوێت، بەڵکو دەقە فۆلکلۆرییەکانیش لەم ڕەگەزە خاڵی نین، کەواتە ڕەوانبێژی لایەنێکە زمان دەیسەپێنێت و لە زمانی خەڵکی ڕەشۆک و بەرهەمی فۆلکلۆریشدا هەر هەیە.

دیارە ئەدەبی کوردیش وەک یەکێک لە ئەدەبەکانی خۆرهەڵات لە دوو ئاڕاستەوە کاریگەرییەکی زۆری ڕەوانبێژی عەرەبی لەسەربووە: یەکەمیان ڕەوانبێژی عەرەبی لە ڕێگەی فارسەکانەوە، واتە هەروەک چۆن شتەکانی دیکەی کلاسیکی لە فارس وەرگرتووە، ڕەوانبێژییەکەشی لێخواستوون.
دووەمیان: ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی عەرەبەوە، ئەم ئاڕاستەیە کاریگەرییەکەی کەمتربووە، زۆرینەی شاعیرانی کورد دەکەونە ژێر ئاڕاستەی یەکەم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد بێئاگا بووە لەو کێشە و ململانێیەی نێوان ڕەوانبێژکارە عەرەبەکان، بە پێچەوانەوە زانیارییەکی زۆریان لەو بوارەدا هەبووە.
ناونیشانی توێژینەوەیەکە بریتییە لە: (نالی لە کێشمەکێشمی دوالیزمی وشە و واتای ڕەوانبێژیی کۆندا)، کە لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا (وشە و واتا لە ڕەوانبێژیی کۆندا) لەم بەشەدا بە تیۆری باس لە کێشە و ململانێی زانایانی ڕەوانبێژیی عەرەبی کراوە لەبارەی وشەو واتاوە، لە بەشی دووەمدا بەناونیشانی (نالی لە کێشمەکێشمی دوالیزمیی وشە و واتادا) ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێیە لەناو شیعرەکانی نالی تیشکی خراوەتەسەر، لە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ ئایار ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٣٠ ئایار ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ ئایار ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: sangar.nadhim@koyauniversity.org ، darya.jamal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **سەنگەر نازم حوسێن حەمەد، دەریا جەمال حەوێزی**
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp310-321

کۆتاییشدا ئەو ئەنجامە خراوەتەڕوو کە پێیگەیشتووین، بە گشتی لەم باسەدا پشت بە ڕێبازی مێژوویی- شیکاری بەستراوە. سوود و قازانجی توێژینەوەیەکی لەمجۆرە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بۆ یەکەمجارە بە شێوازێکی پراکتیزەییانە باس لە بابەتێکی لەم چەشنە بکرێت و ڕادەی کاریگەری شاعیرێکی کلاسیکی کورد بە ڕەوانبێژیی عەرەبی دەربخرێت.
گرفتی توێژینەوەکە لەوەدا بوو کە زۆرینەی ئەو سەرچاوانەی لەم باسەدا پشتیان پێبەستراوە سەرچاوەگەلێکی کۆن و بە زمانێکی ئەدەبی قورس نووسراون و زاراوەگەلی تایبەت بە زمانی عەرەبییان تێدایە، کە لە زمانی کوردیدا دۆزینەوەی هاوتاکانیان قورسە.

## ٢. بەشی یەکەم: وشە و واتا لە ڕەوانبێژیی کۆندا

### تەوەرەی یەکەم: بەهای وشە لە دەربڕیندا

هەرچەندە بەر لە هاتنی ئیسلام و دابەزینی قورئان شیعر بەرزترین و ناسراوترین هونەرەکان بووە لای عەرەبەکان و پێگەیەکی بەرزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هۆزەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی داگیرکردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرزی هونەرەکە تەنیا لە هۆنینەوە و بونیاتناندا بووە، بەو واتایەی هەرچەندە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی سەرپێیانە هەبووە لەناویان، بەڵام ئاستەکەی بەو شێوەیە نەبووە و بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی زانستییانە بۆ لێکدانەوەی ئەم بەرهەمانە نەهاتۆتە کایەوە، بگرە زۆرجاریش ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەگرانی عەرەبی هاوچەرخی وەک (تەها حوسێن) گومان لە هەبوونی ڕاستەقینەی شیعرگەلێکی لە چەشنی موعەللەقاتەکان دەکەن و بە دروستکراوی سەردەمی عەبباسی و ئەمەوییەکانی دادەنێن.
دابەزینی قورئان وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری عەرەبەکان دروستدەکات، چونکە قورئان ئاڵنگاری تێکڕای ئەو نووسراوە شیعرییانە دەکات، کە بەر لەخۆی هەبوون و جۆرە ڕەوانبێژییەک پێشکەشدەکات، کە خۆی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هیچ مرۆیەک ناتوانێت شێوازێکی دەربڕینی ئاوای هەبێت و ئەمەش بەستراوەتەوە بە ئیعجازی میتافیزیکییانەوە، کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە، ئەمەش لە سەدەکانی دواتر دەبێتە هۆکارێک بۆ لەدایکبوون و هاتنەکایەی جۆرە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی، چونکە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر و خەلیفە و هاوەڵانی، ڕێژەی ئەوانە کەم دەبێتەوە کە بە دروستی دەتوانن دەقەکە بخوێننەوە و واتای دەقەکە شیبکەنەوە، بۆیە لەگەڵ هاتنی ئەمەوییەکان کەسانی وەک (خەلیل، سیبەوەیهی، ئەبو ئەسوەد)، هەوڵی چارەسەرکردنی شیکردنەوە ڕێزمانییەکان و دانانی سەرە و بۆرە و لێکدانەوە واتاییەکان دەدەن، بەمەش بنچینەیەکی پتەو بۆ ڕێزمانی عەرەبی دادەمەزرێت و لە سەردەمی عەبباسییەکاندا دەگاتە لوتکە.
سەردەمی عەبباسییەکان قۆناغی دەرکەوتنی ئاینزا و ڕێباز و ڕێچکە سۆفیگەری و قوتابخانە ڕێزمانییەکانە، هەروەک سەردەمی پەیدابوونی ڕەوانبێژییە، کە دواتر لە باوەشی ڕەوانبێژیدا ڕەخنەی ئەدەبیش لەدایکدەبێت، بەشێوەیەکی گشتیش ئەم بزوتنەوانە لە هەردوو شاری بەغدا و بەسرا دەرکەوتن، قوتابخانەی بەسرا کاریگەرییەکەی زیاتر بووە، دواتر پەرپوەتەوە بۆ ناوچە غەیرە عەرەبییەکانی وەک ئێران و ئەندەلوس، هەروەک ئەو سەردەمە سەردەمی پەیدابوونی دوالیزمی وشە و واتایە، گرفتی وشە و واتا ئەو جۆرە گرنگییەی پەیدا نەدەکرد لەناو ڕەوانبێژ و

زمانەوانان ئەگەر پێوەندی بە بابەتی ئیعجازی قورئانییەوە نەبوایە، ئەو زانایانە دوانەیی وشە و واتایان پەیوەستکرد بە بابەتی ئیعجاز بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی قورئانی پیرۆز و دەرخستنی نهێنی ئیعجازی زمانەوانی قورئان (کربیە، ٢٠١٥ :٢٤٧).
هەروەها ئەم جۆرە فەرزکردنەی واتا بەسەر وشە یا وشە بەسەر واتا، شتێک نییە جگە لە جیاوازی جەوهەری مەزهەبی، زۆربەی ئەو زانایانە بەهۆی جیاوازی ژینگە زانستییەکانیان بۆ سەر چەند مەزهەبێکی کەلامی دابەش ببوون کە لە مێژووی ئیسلامدا هەبوون، لەوانە مەزهەبی موعتەزیلی و مەزهەبی ئەشعەری (کربیە، ٢٠١٥ :٢٤٦). دووریش نییە ئەمجۆرە بیرکردنەوە بە کاریگەری بۆچوونی بیرمەندانی یۆنانی هاتبێتەکایەوە، چونکە زۆر بەر لە عەرەبەکان فەیلەسوفانی یۆنان باسی پێوەندی نێوان واتا و وشەیان کردووە. ئەفلاتون وا سەیری کردووە کە پێوەندییەکی سروشتی لەنێوان وشە و واتادا هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە لای ئەرستۆ ڕەتکراوەتەوە و بە بڕوای ئەو پەیوەندییەکە عورفییە (کاملان و یزدانی فر،١٣٩٢ :١٢٩).
بەر لەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی کێشەی نێوان لایەنگرانی وشە و واتا، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی تێکڕای بۆچوونەکان لە چوار خاڵی سەرەکیدا کۆبکەینەوە، دواتریش بە وردی قسە لەسەر هەریەکێکیان بکەین، ئەمانەش بریتین لە:

١. دەستەی وشە، کە جاحز (٢٥٥ کۆچی مردووە) و ئەبو هیلالی عەسکەری (٣٩٥ ک. مردووە) نوێنەری بوون.
٢. دەستەی یەکسانی وشە و واتا، یا کۆکردنەوەی واتا و وشە، کە ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری (٢٧٦ی کۆچی مردووە) و قودامەی کوڕی جەعفەر (٣٣٧ مردووە) نوێنەرایەتییان کردووە.
٣. ئەو دەستەیەی کە جیاکاری لە نێوان وشە و واتا دانانێت، هەردوو لایەنەکە ئاوێتەدەکەن، ئیبن ڕەشیق (٤١٤ی کۆچی مردووە) و ئیبن ئەسیر (٦٣٧ کۆچی مردووە) نوێنەرایەتی دەکەن.
٤. دەستەی ڕێکخستن و لێکداماڵینی واتا و وشە، ئەوەش لەسەر بنەمای پێوەندی نێوانیان و عەبدولقاهیری گورگانی (٤٧١ کۆچی دوایی کردووە) نوێنەرایەتی کردووە (الصغیر، ؟:٢٧).

هاتنی موعتەزیلەکان بە تایبەت (ئەبو عوسمانی جاحز) گۆڕانێک لە تێڕوانینی عەرەبەکان بۆ قورئان و دەقە شیعرییەکان دێنێتەکایەوە، جاحز لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت لە (الحیوان، البیان و التبین)دا، یەکەم کەسە ئاوڕ لە پێوەندی نێوان واتا و وشە دەداتەوە، بێگومان یەکەم کەسیشە دەرگا ئاوەڵا دەکات بۆ لەدایکبوونی ڕەوانبێژیی عەرەبی و ئەمەشی لە پێناو سەلماندنی خالقی قورئاندا کردووە، چونکە کێشەی (دانراوی قورئان) لەو سەردەمدا گەیشتبووە ترۆپک، موعتەزیلە و خەواریج و زۆرینەی زەیدییەکان و مەرجئیەکان و زۆرینەی ڕافزییەکان دەڵێن: قورئان کەلامی خوایە و دانراو (خولقێنراو)ی خوایە و لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون (جمعی،٢٠٠١: ٢٥)، سەردەمی جاحز سەردەمی تێکەڵاوبوونی نەتەوەی عەرەب بووە بە نەتەوەکانی دیکەی ناعەرەب، بە تایبەت فارس کە خاوەن زمانێک بووە لە دەرەوەی ئەو خێزانە زمانییەدا کە عەرەبیی تێیدا بووە، زۆرجاریش ئەم زمانە کاریکردۆتە سەر زمانی عەرەبی و گەلێک وشە لە ڕێگەی ئەو زمانەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بۆیەش جاحز لە هەوڵی چارەسەرکردن و پاکژکردنەوەی زمانی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp310-321

عەرەبی و پاراستنی قورئان بووە و بە ڕای زۆرینەی ڕەخنەگرانیش لایەنی سیاسی و دەمارگیری نەتەوەیی و پاڵنەری دەروونی هۆكارگەلێكن كاریگەری زۆریان بەسەر بڕیارەكانی جاحزەوە هەبووە.

جاحز دەڵێ:(( واتاكان لەسەر ڕێگاكان فڕێدراون، كەسی عەجەمی و لادێی و دەوارنشین و شارنشین و گوندنشینیش دەیزانن، بەڵام بەرزی كارەكە لە ڕاگرتنی كێش و هەڵبژاردنی وشە و ئاسانی دەربڕینی قسە و تەڕی و پاراوی، هەروەها لە دروستی خو و سروشت و چاكی شێوازدایە، چونكە شیعر جۆرێك لە چنین و سەنعەتێكە))(الجاحظ، ١٩٣٨ :١٣١– ١٣٢)[i]. جاحز دەمارگیر بوو بۆ وشە و لە هەموو كاتەكاندا ناسكی و چاكی و جوانی داوەتە پاڵ وشەكان و پێوەری بەهای ئەدەبی لای ئەو بریتی بووە لە بەرزی وشە، چاكی شێواز، جوانی بونیات (الصغیر، ؟: ٢٨).

لە شوێنێكی دیكەدا جاحز دەڵێت: ئەگەر واتایەكی بەرز و بەپێزت دەوێ، ئەوا دەست بە وشەیەكی بەرز و بەپێزەوە بگرە، ئەوە شایستەی واتایە كە وشەیەكی بەرزی هەبێ (رقیە و خدیجە، ٢٠١٨: ١٨). ئەمەش بە ئاشكرا دیارە كە وشە ڕۆڵ و پێگەیەكی بەرزتر لە واتا دەگرێت و واتا شوێنكەوتەی وشەیە. بەم پێیە بە بۆچوونی جاحز، واتا هەرچەندە بەرز و دەگمەن بێت، ئەگەر نەخرێتە چوارچێوەی وشە و دەستەواژەیەكی ناسكەوە كاریگەرییەكی بۆ سەر ناخی مرۆڤەكان نییە (زرین كوب، ١٣٨٨ :٢٩١).

بەمەش جاحز یەكەم بلێسەی كێشەی نێوان وشە و واتا هەڵدەگیرسێنێت و ئاوەكە دەڕژێنێت و ئەم كێشەیەش بۆ ماوەی چەند سەدەیەكی دوور و درێژ بەردەوامی دەبێت و كاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕەخنە و بیركردنەوەی عەرەب و نەتەوە موسوڵمانەكان دەبێت، زۆر كەس لایەنگیری دەكات و زۆر كەسیش دەچێتە ناو ئەو ئاراستەیەی كە دژ دەوەستێت لەگەڵیدا.

زۆرێك لە لێكۆڵەران چ نوێ و چ كۆن، وا سەیری جاحزیان كردووە كە هەوڵ و تێكۆشانی لە پێناوی وشەدا كردووە و گرنگی بە شێوە و وێنە داوە و مانای فڕێداوە و ئاوڕی لێنەداوەتەوە (كاهنە و مدواس، ٢٠١٨ :٢١). هۆكارەكەیان بۆ ئەو بارودۆخە گەڕاندۆتەوە كە لە سەردەمی جاحزدا هەبووە، چونكە دەڵێن گرنگیدانی جاحز بە وشە و دەستگرتن پێوەی كاردانەوەیەكە بۆ پێناسەكەی (العتابی) بۆ ڕەوانبێژی، العتابی وا پێناسەی ڕەوانبێژی دەكات: (هەر شتێك لێی تێبگەیت ڕەوانە). ئەم پێناسەیەش بەهای وشە دادەشكێنێت و هیچ سەنگێك بۆ ڕەوانی و پاراوی دانانێت (محمود، ٢٠١٩ :٣٣٦). بەرامبەر بەوەش هەندێك وا سەیردەكەن، كە جاحز هیچ لە پێشینەیی و بە بەرز دانانێك بۆ وشە یا واتا دانانێت، بەڵكو لایەنە چاكییەكە دەگەڕێنێتەوە بۆ گونجاوی و ڕێزبوون (فیود، ٢٠١٠: ١٥).

بێگومان نابێ ئەوەشمان لەبیربكەین جاحز زانایەكی فرە ڕەهەند بووە و تێگەیشتن لە بیروڕاكانی هەروا ئاسان نییە و بڕیاری یەكلایكەرەوە لە بارەی بۆچوونەكانی كارێكی سەختە، چونكە مەبەستی جاحز لە فڕێدراوی واتا لەسەر ڕێگاكان هەموو واتایەك نییە، چونكە لێرەدا دوو واتا هەن، یەكەمیان واتایەكی ئاساییە كە هەموو خەڵك لێ تێدەگەن، دووەمیان واتای شیعرییە، كە واتایەكە تایبەتە بە كۆمەڵە كەسانێك كە شارەزان لەو سەنعەتە، كەواتە ئەو واتایەی كە جاحز لێرەدا مەبەستیەتی بریتییە لەو واتا گشتییە هاوبەشەی كە لەنێوان خەڵكدا هەیە كە بریتییە لە وشەیەك دەلالەت لە واتایەك دەكات بۆ شتێك كە خەڵك دەیزانن وەكو پاشخانێك لە زەینیان، واتای (شەو) لە بەردەمی هەموو خەڵكێك دایە و هەروەها واتای (ئازایەتی، بەخشین) بە هەمانشێوە، بەڵام واتای شیعر ئەو واتایەیە كە جاحز لە پاشماوەی دەقەكەدا باسی دەكات. واتە ئەو واتایە نییە كە لە زەینی هەموو كەسێك دایە (الزیادی،٢٠٠٧:١٥)، ئەمەش لەوەدا دەردەكەوێت، كە جاحز نایەت واتا بە تەواوەتی وەلاوە بنێت، بەڵكو واتای پتەو و باش بە مەرجی وشەی پتەو و توندوتۆڵ و ڕەوان دادەنێت، چونكە جاحز وێڕای ئاماژەكردنی بە بوونی ئامادەیی واتا بە بێ وشە، وا سەیردەكات ئەستەمە وشەیەك وشە بێت بێ ئەوەی لە كرۆكیدا واتایەكی هەڵگرتبێت، دەشێت واتا بێ ناو هەبێت، بەڵام ناشێ ناوێك هەبێ واتای نەبێت. هەروەها دەڵێ: وشە جەستەیە بۆ واتا و واتاش ڕۆحە بۆ وشە (جمعی، ٢٠٠١: ٤٤-٤٥). لەمەشەوە دەردەكەوێت، كە یاسای بەراپی و گشتی لای جاحز بۆ پێوەندی وشە بە واتا بریتییە لە گونجان و كۆكی وشە بۆ واتاكەی. هەروەك لەمبارەوە گوتویەتی: ئەو شتە (ناوە) شایستەی ئەوە نییە ناوی ڕەوانبێژی لێبنرێت، تەنیا ئەوە نەبێت واتاكەی هاوتای وشەكەی بێت و وشەكەی هاوتای واتاكەی بێت، ناكرێ وشەكەی بكەوێتە بەر گوێت بەرلەوەی ماناكەی بگاتە دڵت (جمعی،٢٠٠١ :٤٦)، دوای خۆشی ئەمجۆرە تێڕوانین و لێكچواندنەی وشە بە جەستە و واتا بە ڕۆح، لای زۆرێك لە ڕەوانبێژەكان بە چەشنێك لە چەشنەكان دووبارەدەبێتەوە، زۆرێكیش دەگەنە ئەو باوەڕەی كە شتەكە بەو شێوەیە نییە و جاحز نەیویستووە لە ڕۆڵی واتا كەم بكاتەوە و بیخاتە پاڵ وشە، بەڵكو ئەوە شەڕ و ململانێی زانا ڕەوانبێژییەكانی دوای خۆیەتی و چۆنیەتی تێگەیشتنی خۆیانە بۆ بیروڕاكانی ئەبو عوسمانی جاحز.

ئەبوهیلالی عەسكەری (٣٩٩ ك. مردووە) لە كتێبی (الصناعتین)دا شوێنپێی جاحز هەڵدەگرێت و بە جۆرێك لە جۆرەكان وشە بەسەر واتادا زاڵ دەكات و بە باشتری دادەنێت و دەڵێت:(( پێگەكە لە ئامادەیی واتادا نییە، لەبەرئەوەی واتاكان عەرەب و عەجەم و لادێیی و دەوارنشین دەیزانن، بەڵكو لە چاكی وشە و پاكییەكەی و جوانی و بەهاكەی و پاكژی و بێخەوشییەكەی و زۆر باشی و ڕوونییەكەیەتی لەگەڵ دروستی شێواز و پێكهاتەكەی و خاڵیبوون لە قورسی داڕشتن و دانان))(العسكری،١٩٧١ :٦٣-٦٤). ئەگەر لەم وتەیەی عەسكەری وردبینەوە زۆر بە ڕوونی لەوە تێدەگەین كە دووبارەكردنەوەیەكی دەقاودەقی بۆچوونەكەی جاحزە و عەسكەری دەیەوێت لەو ڕوانگەیەوە بڕیاری ڕەخنەیی لە بارەی باشی و خراپی شیعری عەرەبی بدات.

یەكێكی دیكە لەوانەی شوێنكەوتەی بۆچوونەكانی جاحزە، (ئیبن خەلدونی كۆمەڵناس)ە. ئیبن خەلدون دەڵێت: ئەوە دەزانم كە سەناعەتی كەلام شیعر و پەخشانە و سەنعەتەكەش لە وشەكانە نەك لە واتاكان، بەڵكو واتاكان شوێنكەوتەی وشەكانن و وشە ئەسڵە (جمعی،٢٠١٠: ١٣٠).

**تەوەرەی دووەم: بەهای واتا لە دەربڕیندا:**

وەچەی دووەم كە ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری و قودامەی كوڕی جەعفەر نوێنەرایەتی دەكەن، تا ڕاددەیەكی زۆر بەها بۆ واتا دەگەڕێننەوە و پێوەست بە یەكیان دەكەنەوە. وشە و واتا لای ئیبن قوتەیبە (٢٧٦ ك. مردووە) هەردووكیان پێكەوە دووچاری جوانی و ناشرینی (خراپی و باشی)ن، هیچ یەكێكیان لەوەیتر بەرزتر و باشتر نییە و هیچ یەكێكیان ئەولەویەتی زیاتر نییە لەوەیتر و دەشێ وشە باش بێ و هەر بەم چەشنەش واتا، یا یەكسان بن لە

دزێوی و ناپەسەندی، یا جیاواز بن (الصغیر،؟:٣٠). قودامە لە کتێبەکەی خۆیدا هەوڵیداوە چەند جۆرێک لە شیعر لێک جیابکاتەوە و بەو جۆرە جیاکردنەوە بڕیار لەسەر چاکی و خراپی شیعر بدات:

١.وشەی چاک و واتای چاک. ٢. وشەی چاک و واتای خراپ. ٣. .وشەی خراپ و واتای چاک. ٤. وشەی خراپ و واتای خراپ (کاهنە و مدواس، ٢٠١٨: ٨٠).

بە تێپەڕبوونی کات، دوالیزمی نێوان وشە و واتا تەنیا لەنێو ڕەوانبێژ و زمانەوانەکاندا نەمایەوە، بەڵکو لای ڕەخنەگرانی سەدەی چوارەم و سەدەکانی دواتریش سوودی لێوەرگیرا، یەکێکیش لەوانە کە کاریگەری ئەم دوالیزمەی بەسەرەوە بووە (مەحەممەدی ئەبولقاسمی ئامەدی. ٣٧٠ ک. مردووە) بووە. بە تایبەت لە کتێبی (هاوسەنگی نێوان دوو شاعیرە تائییەکە) ئەم کاریگەربوونە زۆر بە ڕوونی دەبینرێت.

دوو بنەما لەبەر دەستی ئامەدی بوون کە لە ڕێگەیانەوە هەڵسەنگاندنی نێوان بوحتەری و ئەبی تەمامی پێکردووە، یەکەمیان جوانی داهێنان (هۆنینەوە = دارشتن) و وردی واتا. ئەم دوو بنەمایەش درێژکراوەی دوالیزمی وشە و واتان و کە سوودی لە بیرۆکەی جاحز وەرگرتووە لەبارەی واتاوە، هەروەها سوودی لە دوالیزمی ئیبن قوتەیبە وەرگرتووە و لەگەڵ بیرۆکەی قودامەی کوڕی جەعفەر لێکیداوە. جوانی داهێنان هاواتایە لەگەڵ وێنە یا وشە و لەهەمانکاتدا زاراوەی واتا گونجاو و هاوتایە لەگەڵ وردی واتا (جمعی، ٢٠٠١: ٩٠). زۆربەی ڕەخنەگرانی سەدەی پێنجەمی کۆچی لەوانە المرزوقی الشریف المرتضی و ئیبن ڕەشیق ئارەزوویان لەوە بووە کە سازان و هاوکۆکییەک لەنێوان وشە و واتا بهێننە کایەوە (جمعی، ٢٠٠١: ١١٨).

ئیبن تەبا تەبای عەلەوی یەکێکی دیکەیە تێکۆشانی لەم بوارەدا کردووە، لەبارەی پێوەندی نێوان وشە و واتادا دەڵێت: ((ئەو وشەیەی کە واتای نییە وەکو جەستەیەکە کە ڕۆحی تێدا نییە، هەروەک ئەوەی هەندێک لە حەکیمان دەڵێن: وشە ڕۆح و جەستەیە، جەستەکەی گۆکردنەکەیەتی و ڕۆحەکەی واتاکەیەتی))(العلوی،٢٠٠٥ :١٠)، ئەمەش دەکاتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر و بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت:((باشترین شیعر، شیعرێکە کە گشت وشەیەکی بکەوێتە شوێنی خۆی تاوەکو هاوتا و کۆک بێت لەگەڵ ئەو واتایەی کە لێیان دەوێت))(جمعی، ٢٠٠١ :٦٤).

ئیبن ڕەشیق (٤٥٦ ک. مردووە) باوەڕی وایە وشە و واتا یەک شتن و پێکەوە گرێدراون، هەروەک ڕۆح و جەستە و ناتوانرێت لێک جیابکرێنەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت:(( وشە جەستەیە، واتا ڕۆحەکەیەتی و پێوەندییەکەیان وەکو پێوەندی ڕۆحە بە جەستەوە، یەکێکیان لاواز دەبێ بە لاوازییەکەی ئەوەیتر و بەهێز دەبێ بە بەهێزییەکەی، ئەگەر واتا ساغ بوو و هەندێک وشە نەساغ بوون، ئەوا دەبێتە کەموکوڕی بۆ شیعرەکە و ئەگەریش واتا بە تەواوەتی شێوا، ئەوا تەواوی وشەکان دەمرن و سوودێکیان لێ نابینرێت))(القیروانی،١٩٧٢: ٣٥٣)، جگە لەمەش لای ئیبن ڕەشیقی قەیرەوانی گرنگیدان بە ڕەوانی وشەکان ئامادەبێ هەبووە و باوەڕی بە زمانێکی تایبەت بە شیعر هەبووە کە لە هیچ یەکێک لە هونەرەکانی تر بەو شێوەیە بەکارنایەت (الزیادی، ٢٠٠٧ :٢١١). ئەمەش جیاکردنەوەی زمانێکی تایبەتییە بۆ شیعر، کە جۆرێک لە شیعرییەتی تێدایە و جیاوازە لە زمانی ئاسایی. هەرچۆنێک بێت وێڕای ئەوەی قەیرەوانی کەسێکی فرەزان بووە و بۆچوونەکانی لەبارەی زمان و وشە و واتاوە پەلوپۆی زۆریان هاویشتووە، بەڵام هەڵوێستی ئیبن ڕەشیق وێڕای هەمەجۆری دیدگاکانی لە کۆتاییدا بریتییە لە یەکانگیری واتا و وشە (جمعی، ٢٠٠١ :١٢٥)، ئیبن ئەسیر بەو شێوە ئاشکرایەی ئیبن ڕەشیق باسی تێکەڵاوکردنی وشە و واتا ناکات لە تاکە قاڵبێکدا، بەڵام ئاماژە بۆ بەهای ناوەڕۆک و شێوە دەکات لە مشتوماڵکردنی وێنەدا، هەروەها ئاماژە بۆ سروشتی گونجاوی نێوانیان دەکات (الصغیر، ؟: ٣٤).

(شەریفی مورتەزا) باوەڕی وایە لە ڕووی دەرکەوتنەوە بەختی وشە و دەستەواژە لە شیعردا بەهێزترە لە بەختی واتا (جمعی،٢٠٠١ :١٢٠). هەرچی (مەرزوقی، ٤٢١ ک. مردووە) بیروباوەڕی وایە کە کەماڵ و تەواوەمەندێتی لە زمانی شیعردا بەدی نایەت تەنیا لە ڕێگەی یەکانگیری و یەکگرتوویی تەواوەتی نێوان وشە و واتا نەبێت (رقیە و خدیجە، ٢٠١٨ :٢١).

ڕێچکەیەکی دیکە، کە باوەڕی بە ڕێزبوون و ڕێکخستن هەیە، عەبدولقاهیری گورگانی (٤٧١ ک. مردووە) نوێنەرایەتی دەکات. گورگانی لە هەردوو کتێبی (دەلائلی ئیعجاز، ئەسراری بەلاغە)دا بەشێوەیەکی زانستییانە هەنگاودەنێت و لەپێشدا هەستی بە نهێنی پێوەندی نێوان وشە و واتا کردووە و ئەو وتەیەی ڕەتکردۆتەوە کە یەکێکیان بکاتە قوربانی ئەوەیتریان.

بیردۆزی دانان و ڕێکخستن (نظریة النظم= versification)[ii] لای ئەو بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەکان و واتاکان و ئەو شتەیە کە دەلالەتەکان ڕێکدەخات و واتاکان نیشاندەدات بەم شێوەیەی کە عەقڵ دەیخوازێ (الجرجانی،١٣٢١: ٤٠). گورگانی بە دانانی ئەم تیۆرە بەرپەرچی تەواوی ئەو کەسانەی داوەتەوە، کە وشە بەسەر واتادا فەرز دەکەن، ئەو وای دەبینێت جیاوازییەکە بەو چەشنە نییە کە کەسانی پێش خۆی لێی تێگەیشتوون. بە باوەڕی هەندێک ڕەخنەگر تیۆری دانان و ڕێکخستن ڕوخاندنێکی ڕاشکاوانەی دوالیزمی وشە و واتایە. گورگانی هێرش دەکاتە سەر ڕەخنەگرانی پێشوو لەو هەڵانەی کە پێیگەیشتوون لە بە بەرزتر دانانی وشەکان لەسەر حیسابی واتاکان یا بە بەرزتر دانانی واتاکان لەسەر حیسابی وشەکان (القبایلی، ٢٠١٧ :١٤).

بەپێی ئەم بۆچوونە، گورگانی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات تاکە وشەیەک لە خودی خۆیدا بەهای نییە، هەروەها لە زرنگانەوە و دەلالەتەکەشی باڵایی و فەزڵێکی نییە، بەڵکو باڵایی و چاکییەکەی لەوکاتەدایە کە لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕستە و دەستەواژەکان ڕیز دەکرێت و ڕێک دەخرێت، هەروەها گونجاوی واتاکەی لەگەڵ واتای ئەو وشانەیە کە لەگەڵیدا ڕیز دەکرێت (کاهنە و مدواس، ٢٠١٨: ٥٨،٥٩)، جگە لەمانەش گورگانی لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت ئەو بۆچوونەی پێشینانی خۆی ڕەتبکاتەوە، کە باوەڕیانوایە ڕەوانی (فەساحەت) لە هەندێ وشەدا هەیە و لە هەندێکی دیکەدا نییە، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو وشەیەک کاتێک فەسیح دەبێت کە لە شوێنی خۆیدا بەکاربێ و ڕێکبخرێ، هەروەها واتاکەی لەگەڵ واتای وشەکانی هاوسێیی بە باشی بگونجێت (الزیادی، ٢٠٠٧ :٢١٢)، چونکە لای گورگانی وشەکان هەموویان لە ڕووی وشەییەوە یەکسانن و جیاوازییان نییە (حسین، ؟:٣٩٦). واتە وشەیەک لە وشەیەکی دیکە ئاوازدارتر و ڕەوانتر و بەرزتر نییە، ئەوەی وا دەکات وشەکان بەم چەشنە دەرکەون لایەنی ڕیزبوون و دانانی وشەکانە لە شوێنی مەبەست، واتە وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو.

گورگانی بە ئاشکرا ئەوە دەڵێت کە وشەکان لە رووی کۆکردنەوە و لەو رووەوە کە وشەکان دابڕاو لە یەکترین باڵایی و فەزیلەتێکیان تێدانییە و فەزیلەتەکە تەنیا لە سنووری واتای هەر وشەیەک لەگەڵ واتای وشەی پێش خۆی، یا شتێکی لەم چەشنە کە وابەستە نییە بە ڕاشکاوی وشەوە دێتەدی و دەردەکەوێت (فضیلت، ١٣٨٥: ١٢٥، ١٢٦).

بێگومان لەنێو ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەبیدا، بیروڕاکانی گورگانی و تیۆرەکەی جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆربووە، زۆرێک لە ڕەخنەگران وا سەیری گورگانی یان کردووە کە ویستوویەتی لە ڕێگەی تیۆری دانانەوە بەرپەرچی بۆچوونەکەی جاحز بداتەوە بەوەی کە واتا لە وشە بەرزترە، لەبەرامبەریشدا زۆرێک لە ڕەخنەگران بەتایبەت نوێیەکان ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە گورگانی دژی جاحز بووبێت و یەکێک بێت لەوانەی هەوڵیاندابێت تێکۆشان لە بواری واتادا بکەن، بەپێچەوانەوە وا سەیری دەکەن کە تیۆرەکەی هیچ یەکێکیان فەرامۆش ناکات و هێندە لە جاحز دوورنەکەوتۆتەوە، چونکە دەڵێن ئەگەر لە گوتەکەی جاحز وردبینەوە ئەوا دەبینین کە وشە بەسەر واتا فەرز نەکراوە، بەڵام ئەوەی لەپێشینەیە دانان و ڕیزکردن (النظم)ە (فیود، ب. ٢٠١٠: ٣٢).

عەبدولقاهیری گورگانی لایەنگری ئەولەویەتی واتایە و ڕەوانی (فەساحەت) و ڕەوانبێژی دەخاتە ئەستۆی واتا، نەوەک وشە و لە دلائل الاعجاز دەنوسێت:(( کە دەڵێین ڕەوانی لە واتایە، مەبەست ئەوەیە کە ئەو بەرزی و چاکەیەی کە وشە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن وەسفێکی ڕەوان لە حەقیقەتدا بۆ مانا دەگەڕێتەوە نەوەک وشە ))(فضیلت، ١٣٨٥ :٣٩). بەم پێیەش لە تێڕوانینی عەبدولقاهیری گورگانیدا ڕەوانبێژی وابەستەیە بە واتا نەک وشە. وشە دەفری واتایە و لە شوێنەکانی خۆیدا شوێنکەوتەی واتایە (فضیلت، ١٣٨٥ :٩٤).

هەندێک لە ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانیش باوەڕیانوایە کە گورگانی لە (دەلائلی ئیعجاز)دا دەیەوێت تێکۆشان لە بواری واتادا بکات و بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە و ورێنەی ئەوە دەکەن کە پێچەوانەی هەڵوێستی جاحزە، بێئاگا لەوەی کە گورگانی ڕاشکاوانە پشتگیری ڕایەکەی جاحز دەکات (بومنجل، ٢٠١٥: ٨٥).

بابەتی سەرەکی هەڵە تێگەیشتنی ئەو ڕەخنەگرانە لەوەدایە کە گورگانی زۆر وردتر و ڕاشکاوانەتر لە کەسانی پێش خۆی لەبارەی واتاوە دواوە، بێگومان وەکو پێشتریش باسی لێوەکرا، تێکڕای ئەمانە لە پێناوی سەلماندنی ئیعجازی قورئان بووە و ئەمەش پێویستی بەوە کردووە گورگانی زۆر بە وردی ئاوڕ لە وشە و واتا و ڕەوانبێژی بداتەوە. ئەو واتایەش کە گورگانی لە بۆچوونەکانیدا مەبەستی بووە، هەمان ئەو واتا گشتییە نییە کە هەموو خەڵک دەیزانێت، بەڵکو واتای ڕەوانبێژییانە و خوازەییانەی وشەکان بوون، بۆ نموونە کە دەڵێین (شێر هات) دوو واتای هەیە، یەکەمیان گیانلەبەرێکی دڕندە هات، کە ئەمە گشتییە و هەموو خەڵک لێی تێدەگات، دووەمیان مەبەست لەوەیە کە (پیاوێکی ئازا هات)، ئەوەش ئەو واتا ڕەوانبێژییەیە کە ڕستەکە هەیەتی و هەموو خەڵکێک لێی تێناگات و مەبەستی گورگانیش ئەوەی دووەمیانە، بۆیە هەوڵیداوە جیاوازی لە نێوان واتای رووکەش و واتای شاراوەدا بکات.

گورگانی قسەی لەبارەی واتای واتاوە کردووە، پێیوایە کە لە ڕستەگەلێکدا دوو واتا هەن و یەکێیان لە ڕێگەی ڕواڵەتی وشەکانەوە پێی دەگەیت و ئەوەیتریان واتای لاوەکییە کە بە عەقڵت هەڵیدەهێنجی، کە پێیدەوترێت واتای واتا (قبایلی،٢٠١٧: ١٥).

بە کورتی دەتوانین بڵێین گورگانی لەگەڵ جاحزدا هێندە جیاوازی و دژایەتی نییە و لای هیچ یەکێک لە لایەنگرانی وشە و واتا بەو شێوەیەی کە دەگوترێ دانانرێت و تەنیا ئەو لێکۆڵەر و خاوەن بیرانەی کە بە سەلیقەی خۆیان یەکێیان بە لایەنگری وشە و ئەوەیتر بە لایەنگری واتا داناوە (فضیلت،١٣٨٥ :١٢٣). ئەمەش لەبەرئەوەی هەردووکیان وشە و ڕیزبوون لەلایەکەوە فەرامۆش ناکەن، لەلایەکێتریشەوە مەبەستیان واتای گشتی نییە، بەڵکو واتای ڕەوانبێژییانەیە و ئەو واتایە لای ئەوان گرنگە ئەوە نەبێت، کە لای لایەنگرەکانیان یەکێیان بە گرنگی پێدەری وشە و ئەوەیتریان بە گرنگی پێدەری واتا دانراوە.

شایەنی باسە ئەو میتۆدەی گورگانی کاری لەسەر کردووە یەکانگیرە لەگەڵ بیردۆزە نوێیەکانی زمانەوانی ئەمڕۆ، لەخۆڕانییە د.محمد مەندور دەڵێت: میتۆدی ئەم زانا گەورەیە (مەبەست بیرۆکەی نەزمی گورگانییە) وردە، بریتییە لە میتۆدی ڕەخنەی زمانەوانی و ڕێچکەی گورگانی ڕاستتر و نوێترە لەوەی کە زمانەوانی ئەورووپای ئەمڕۆ پێیگەیشتووە، ئەو وا سەیری زمان ناکات کە کۆمەڵە وشەیەک بێت، بەڵکو وا سەیری دەکات کە بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەک (مندور، ١٩٩٦ :٣٣٣- ٣٣٦).

وەکو پێشتر لەبارەی جاحزەوە گوتمان، کە لە دوای خۆی لایەنگری هەبووە بەهەمانشێوە گورگانیش دوای خۆی ڕێچکەکەی بەردەوام دەبێت و لای زانایان گرنگی پێدەدرێت. یەکێک لەمانەش (الزمخشری)یە کە دوای گورگانی دێت و ئەویش لەسەر لایەنگرانی واتا هەژمارکراوە و کاری لەسەر بۆچوونەکانی گورگانی کردووە (رقیه و خدیجه، ٢٠١٨ :٤٦).

هەرچی سەککاکی یە (٦٢٦ ک. مردووە) ئەوا ڕەوانی بۆ دوو بەش دابەشدەکات. بەشێکیان بۆ وشە و بەشەکەی تر بۆ واتا دەگەڕێتەوە. بە بۆچوونی ئەو ڕەوانی هەم لە قەڵەمڕەوی وشە و هەمیش لە قەڵەمڕەوی واتادا شوێنی دەبێتەوە، کەواتە سەککاکی ڕەوانی لە بەشێک سنوردار ناکات و وشە و واتا پێکەوە بە گرنگ هەژماردەکات (فضیلت، ١٣٨٥ :١٢١).

حازمی قرتاجنی (٦٨٤ ک. مردووە) باوەڕی بە جیاکردنەوە نییە و پێیوایە پێویستە کۆکی لەنێوان وشە و واتا و مەبەستەکاندا هەبێت. تێڕوانینی وایە کە لە پێناو چێژبەخشینی ئەدەبی هەردووکیان لە پێکهاتەیەکدا تێکەڵ بکرێن (الزیادی، ٢٠٠٧ :٢٣).

شایەنی گوتنە ئەم بۆچوونەی دوایی لەناو ڕەخنەگرانی نوێی ئەوروپی و عەرەبیدا پاڵپشتیکراوە، هەروەها لە زمانەوانی نوێشدا جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە کە وشە و واتاکەی، یاخود دال و مەدلول دوو شتی پێکەوە بەستراون و وەکو دوو رووی دراوێکن و لێکجیاناکرێنەوە. لەمبارەوە د. شەوقی زەیف دەڵێت:(( وشە و واتا یا وێنە و ناوەڕۆک دوو شتی لێک جودانین، وەکو گلاس و ئەو شەرابەی کە تێیدایە، بەڵکو هەردووکیان پێوەستن پێکەوە وەکو تان و پۆی کراس ))(ضیف، ١٩٦٢ :١٦٣).

د.بەدەوی تەبانە وا سەیر دەکات کە وشە و واتا دوو هەقیقەتی یەکگرتوون و یەک پێگەیان هەیە و لێک جیاناکرێنەوە و سەرنجدان لە یەکێکیان سەرنجدانە لەوەی تریان و گرنگی پێدانیان پێویستە بە یەکسانی بێت، چونکە گرنگیدان بە بەرهەمی ئەدەبی سەنگێکە بۆ بەها و هەڵسەنگاندنی هونەری و پێگەی واتا، نزمتر نییە لە پێگەی وشە لە هەڵسەنگاندنی بەهای هونەری بەرهەمی ئەدەبی (العبیدی، ٢٠١٢ :٢٠٧).

هەروەها (دی جۆرمۆن)ی ڕەخنەگری فەرەنسی دەڵێت: ((شێواز و بیر یەک شتن و ئەوە هەڵەیە کە هەوڵدەین شێوە لە بابەت جیابکەینەوە))(کریبە، ٢٠٠٧ :٢٤١).

ئەحمەد شایب پێیوایە کە ناتوانرێت بەهای هونەری نێوان وشە و واتا جیابکرێتەوە و وا سەیریان دەکات کە هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی ئەوەی تریانە بەهۆی بەهێزی پێوەندی نێوان ماددە و وێنە یا نێوان وشە و واتا، یا لە نێوان بیرۆکە و هەڵچوون لەلایەکەوە و خەیاڵ و وشە لە لاکەی ترەوە (العبیدی، ٢٠١٢ :٢٠٧).

## ٣. بەشی دووەم :نالی لە کێشمەکێشمی وشە و واتادا

نالی وەک سەرتۆپی قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی لە کرمانجی ناوەڕاست، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بونیاتنان و دامەزراندنی ئەو ڕەوتە شیعرییەی کە بە کلاسیکی کوردی ناسراوە، کە شیعرێکە پابەندە بە بنەما و دەستورەکانی غەزەل و قەسیدەی عەرەبی و خۆی لە سیستەمی یەکێتی کێش و سەروادا دەبینێتەوە و ڕەوانبێژییەکی فراوانی تێدا بەکاردێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕادەی کاریگەربوونی (نالی)یە بەو ڕەوانبێژییە عەرەبییەی کە باڵی بەسەر زۆرینەی شیعری خۆرهەڵاتیدا گرتووە و سەرچاوەکەشی قورئان و شیعرە عەرەبییە کۆنەکانە، لە ڕاستیدا((نالی موسوڵمانێکی ئیماندار و زمانشیرین بووە، کە جگە لە شیعر، شارەزاییەکی وردی یەکێك بووە لە دەرسە بنەڕەتییەکانی هەر فەقێ و مەلایەکی ئەو سەردەمە، واتە دەرسی بەلاغەی عەرەبی، بەڵگەشیان بۆ ئەمە قەسیدەکەیەتی لە وەسفی پێغەمبەر و ڕێگاوبانی حەج و سەرجەمی شیعرە دنییەکانی دیکەیدا و ڕاستیشیان کردووە))(سیوەیلی،٢٠٠١ :٩).

لەبەرئەوەی نالی جیا لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، سەرەڕای شیعر هەوڵیداوە لە پەخشانیشدا بەختی خۆی تاقیبکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە کتێبی (مناظر الانشاء)ی نووسیوە، کە کتێبێکە لە بارەی چۆنیەتی نووسین و داڕشتن و بەڵگەیەکە لەسەر ڕادەی کاریگەری نالی بە زمان و ڕەوانبێژیی عەرەبی و ئەو بۆچوونە باوانەی کە لە سەردەمی خۆیدا هەبوون. لەتەک ئەم کتێبەشیدا نالی لە کرۆکی بەشێک لە شیعرەکانیدا زۆر بە ڕوونی ئەو کاریگەرییەی ڕەوانبێژیی عەرەبی و ماکی ئەو ململانێیەی دوالیزمی نێوان وشە و واتای تێدا دەردەکەوێت و هەندێجاریش دوالیزمەکە لە شیعری نالیدا دەپەڕێتەوە بۆ دوالیزمی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک، کە وەکو گوتمان ئەویش درێژکراوەی کێشەی نێوان وشە و واتای ڕەوانبێژیی عەرەبییە و پەڕیوەتەوە بۆ ناو ڕەخنەی دێرینی عەرەبی و نالیش کەم تا زۆر پێیانەوە کاریگەر بووە.

نالی شارەزاییەکی زۆری لە ڕەوانبێژییدا هەبووە، هەروەها فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند بووە، هەروەکو لەمبارەیەوە (مەسعود محەمەد) دەڵێ:((شاعیری عادەتی، بەڵکو شاعیری پێشکەوتووش، لە تاکە بەیتدا هەر تاکە نوکتەیەك گەڵاڵە دەکات و هەر جێگەی ئەو تاکە نوکتەیەشی بۆ سازدەبێ، وەك ژووری یەك نەفەری کە جێگەی یەك نوێنی تێدا دەبێتەوە. کەچی نموونەکانی شیعری نالی ئەوەندە واتایان تێدا ڕیزکراوە، چاو بە هەڵە دەچێ لە ژماردنیان، هیچیشیان جێی بە دراوسێکەی تەنگ نەکردووە، گەلێ لە بەیتەکانی نالی وەك کانگای گەوهەر وایە، تا لێکی دەیتەوە گەوهەری تازەی تێدا دیاردەکەوێ. نالی هێندەش ئوستادە لە داڕشتنی بەیتەکانی نەك هەر پێوەی دیار نییە، خۆی خەریك کردبێ بە ئامادەکردنی جێگە بۆ واتا، جارەهای جار وابووە دوای لێبوونەوە لە شیکردنەوەی بەیتێکی و دڵنیابوون لە گەیشتن بە هەموو واتا و جوانی و نوکتەی ئاشکرا و نهێنیی بەیتەکە، ئەوسا واتاییێکی تەڕ و تازە لەنکاو خۆی دێنێتە ناو بیلبیلەی چاوەوە. هەر دەڵێی کڵاوی سەخرەجنی لەسەر نابوو و لایدا))(محەمەد، ٢٠٠٧: ٩٣).

بە گشتی نالی نەیویستووە وشە بەسەر واتادا فەرز بکات، یاخود بەپێچەوانەوە، چونکە لەوە تێگەیشتووە کە شیعر بە فەرامۆشکردن و قوربانیکردنی هەر لایەنێکیان لەسەر حیسابی ئەوەی تر لاواز دەبێت و جوانی و بەهاکەی لە دەست دەدات،((ئەوەی ڕاستی بێ، لە بێژنگدانی دیوانەکەی نالی بەنیازی وەدەستهێنانی هەموو سامانەکەی، گەلێك لەوە ئەستەمترە کە ڕواڵەتی (مامڵەت لەگەڵ وشە) نیشانی دەدات، چونکە وەك بۆ چاوەی وردبین و زەینی بە بڕشت دەردەکەوێ، نالی (وشەسازی) عادەتی نەکردووە، (واتاسازی) عادەتیشی نەکردووە، ئارایشی حازر بەدەستیشی بەکارنەهێناوە. فەند و فێڵە ساکارە میراتیەکەی شاعیرانیشی نەگرتووەتە بەر، کە ئەمانەی نەکردووە، بەوەندەش ڕازی نەبووە شێوە بەرزەکەی لە عادەت بە پشتەوەی ئەم هونەرانەش بکا بە ناواخنی هەموو شیعرەکانی، نالی بە ناو ڕایەڵی ئەو هونەرە بەرزانە و هی تریشدا هاتوچۆی بە زاتە هەستیارە جۆشاوە سیحربازە دەستڕەنگینە بلیمەتەکەی خۆی کردووە...))، (محەمەد، ٢٠٠٧ :١٦٣) لەهەمانکاتدا ئەگەر وردتر لە هەندێ لە دەقە شیعرەکانی وردبینەوە، دەبینین نالی زیاتر بە بیرۆکەی واتا، واتە بە لایەنگرانی عەبدولقاهیری گورگانی کاریگەربووە. هەر ئەم هۆکارەش بووە بەهۆی ئەوەی دەگوترێ:((چەندێکی شاعیر بتوانێ لەگەڵ هێنانەوەی واتای وشك و وشەی سەختدا زرینگە و مۆسیقا و نازکی و پاراوی لە هەڵبەستدا بپارێزێ. شاعیرتر و هونەرمەندتر و دەسەڵاتدارتر دەبێ. ئەم لایەنەی پاراستنی تاو و تەئسیر و زەوق و شەوقی ئاخاوتن لە هەموو حاڵێکی لەبار و نالەباردا لە (قرآن)دا زۆر بەرچاوە ... لێرەشدا چ گومانێك نییە کە نالی پەیڕەوی قورئانی کردووە لە بەکارهێنانی وشە و واتای ڕەق و سەرکەش لە قاڵبێکی شەنگ و شلکدا، من ناڵێم ئەگەر قورئانی نەدیبا نەیدەتوانی هونەر بەکاربهێنێ لەو تەرزە جێگایانەدا. هەر ئەوەندە دەڵێم نالی شوێنی پێی قورئانی هەڵگردووەتەوە لە گەشتی ناو نغوردی وشە و واتای سەختدا))(محەمەد، ٢٠٠٧ :١١٥).

لەم شیعرەی خوارەوەدا زۆرینەی بابەتەکانی تایبەت بە سەنعەتی هۆنراوەکاری لای نالی دەردەکەوێت:

**طەبعی شەککەر باری من کوردیی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی لە (عمدا) وا دەکا**
(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٠٦)

لە نیوە دێری یەکەمدا، نالی وشەی تەبعی شەککەربار دەهێنێت کە زاراوەیەکی ڕەوانبێژیی کۆنە و بەرامبەرە لەگەڵ شیعری دڵپەسەند (مەتبوع) و پێچەوانەی شیعری قورس و ئازاردەر (موکەللەف)ە، مەتبوعی شیعریش ئەو کاتە دێتەدی کە شاعیر هەر لە سروشتەوە زەوق و بەهرەی شیعر گوتنی هەبێت و تەنیا لەڕێی ئەزموونەوە نەبووبێت بە شاعیر، چونکی ئەگەر وابێت ئەوا شیعرەکەی دەبێتە وەڕزکەر و هیچ خۆشی و دڵپەسندییەک نابەخشێ بە خوێنەر. لەخۆڕا نییە نالی بەهرە و تەبعی خۆی بە شەکرباڕێن چواندووە، چونکە شیرینە و بەلای هەموانەوە پەسەندە، هەر لەو نیوە دێڕەدا وشەی (ئینشا) دێنێت کە واتای ئەزموونی شیعرنووسی و ڕیزکردنی وشەکان و دانانیان لە شوێنی تایبەتی خۆیان

دەگەیەنێت، وەکو گوتمان شیعر تەنیا بەهرە نییە، بەڵکو ئەزموونیشە، نالی لە سەرەتادا دەڵێ بەهرەم هەیە و دواتریش دەڵێ ئەزموونیشم هەیە و دەتوانم بە جوانترین شێوە وشەکانم ڕیز بکەم و ئەگەریش بە کوردی شیعر دەڵێم لەبەرئەوە نییە کە زمانانی دیکە نازانم، بەڵکو دەمەوێت تەبع و ئینشای خۆم لەو زمانەدا تاقیکەمەوە.

ئەم هەوڵدانەی نالی لای شاعیرانی تریش هەستی پێدەکرێ، لە ڕاستیدا ((هەموو شاعیرێك بە نیازی سەپاندنی شاعیریەتی خۆی چەند جارێك ئەسپی زمانی لە مەیدانی مەتانەتی وشە و واتادا تاودەدات، ئیتر یا بە ساغی لێی دەردەچێت یا تێیدا دەگلێت و دەگەڕێتەوە بۆ مەفتەنی هەمیشەکانی خۆی کە هەڵبەستی زادەی دەسەڵات و چاپوك سواریی عادەتی خۆیەتی. لە تاك تاکە بەیتی خۆنیشاندندا، شاعیر دەبێتە مێوان، پێشیەوە دیارە لەو بەیتانەدا جلوبەرگ و وڵاغ خوازرایەوەی بەکارهێناوە. ئەم فەرقەی نێوان نالی و شاعیرێکی تری کورد لە لایەن دەسەڵاتی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و واتای زەحمەت و سەرکەشەوە هەر خۆیەتی بەدیار دەکەوێتەوە لە مەیدانی هەڵبەستی ئاسان و ئاساییدا. نالی کە لە ڕەوەزی سەختی واتا سەرکەوێ و لە بواری خوڕی تەعبیردا بپەڕێتەوە، دیارە لە دەشت و نەرمانان و بە ناو تەنگاواندا بە گەپ و شۆخییەوە، ڕێگە دەردەکات، ئەم ڕاستییە چرایێکە کە لەبەر تیشکی ئەودا نالی ئەو بڕە شیعرەی گوتووە...)) (محەمەد، ٢٠٠٧ :١٤١). هۆکاری لەدایکبوونی ئەم دەقەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا بەر لە نالی شیعر بە شێوەی کرمانجیی خواروو باو نەبووە، مەگەر لە فۆلکلۆری میللیدا و تێکڕا شیعر لە ڕۆژئاوا و باکووردا بەشێوەی کرمانجیی سەروو، لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە شێوەی گۆرانی بووە، کە هەریەکەیان زمانی یەکێ یا چەندێ لە میرنشینە دەرەبەگییەکانی ئەو ناوچانەی کوردستان بوون. نالی یەکەم کەس بوو شیعری بە کرمانجیی خواروو کرد بە باو. (( ئەو هەست و خرۆشەی نالی بۆ زمانی کوردی هەیەتی و لە دەقی (تەبعی شەککەرباری من، کوردییە ئەگەر ئینشا دەکا)، بەرجەستەی کردووە، پێشینەیەکی لەناو بیرکردنەوەی کورددا هەیە و بگرە دروستکەری بونیادە دەروونییەکەشیەتی. ئەو پێشینەیە لە ئێش و ئازارێکی پەراوێزخستنەوە هاتووە، ئەوەش بەوهۆیەی کوردەکان بەردەوام هەستیانکردووە لە ئاستی زمانییشدا دەچەوسێنرێنەوە و ئەوەش دیاردەیەکی مێژووییە))(سیوەیلی، ٢٠٢٠ :٢٣٥).

وتمان بەرلەوەی نالی ئەم جۆرە شیعرە، کە تێکڕا لەسەر ڕێ و شوێنی عەرووز بەڕێوەئەچێ، لە کرمانجیی خوارووودا بکا بە باو، شیعری فۆلکلۆری بەم دیالێکتە بووە، بۆیە لەناو کۆڕ و کۆمەڵە بەرزەکاندا بە جۆرە سووکییەك تەماشای شیعری نالی کراوە. ئەم بە سووکی تەماشاکردنەش بەشێکی زۆری لەبەر زمانی شیعرەکان بووە، چونکە شیعری (باڵا) هەر بە فارسی و عەرەبی وتراوە، (نالی)یش کە بەم دیالێکتە شیعری وتووە، ناحەزان و حەسوودانی ویستوویانە لەو ڕێگایەوە لێی بدەن، کەوا ئەمە لە نەتوانایی و بێ هونەرییەتی بەم دیالێکتە شیعری ئەڵێ کە (شایەر)ەکان شیعری پێ ئەڵێن و خەڵك قسەی پێ ئەکەن، ئەگینا ئەگەر بەڕاستی شاعیر و هونەرمەند بووایە، ئەویش ئەهات وەك پێشینان بە فارسی و عەرەبی شیعری ئەوت، بەڵام نالی هەر بە شێوەیەکی سادە و ساکار وەڵامی ئەو دوژمنکارییەی نەداوەتەوە، بەڵکو بە هونەرکاری بە وشە هاتۆتە مەیدانەوە، وەك دەگوترێ ((یەکێك لە تایبەتییە هەرە بەرچاو و ڕەسەن و ڕەنگ داکوتاوەکانی نالی ئەوەیە کەوا وەك ساحیر لە کەوانەی یەك وشەوە چەند تیری واتا دەهاوێژێ، هەریەك لەو تیرانەش ئامانجی سەربەخۆی خۆی هەیە لە هەڵبەستدا، گوم کردنی ئەم دیاردەیە، بەشێکی یەکجار نرخدار لە شاکارەکانی نالی تێ دەباو ئەدەبەکەشی دادەلەنگێنێ، بەمەشدا کەلەبەرێکی گەورە دەکەوێتە نەخشەری سەر جوملەی ئەدەبی کوردیی بەرزەوە))(محەمەد، ٢٠٠٧: ١٦٩،١٦٨). ئەگەر گەشتێك بەنێو شیعری نالیدا بکەین، دەبینین ((لە تێکڕای شیعرەکانیدا چ یارییەکی بە وشە کردووە و چۆن لەم ڕێگایەوە ویستوویەتی لە یەك کاتدا چەند مەعنا بدا بەدەستەوە و بەم شێوەیە سەری تەنانەت لە خوێندەوارانی سەردەمی خۆیشی شێواندووە کە زۆربەیان بە ناخی وردەکاریی مەلایاندا چووبوونە خوار. نالی خۆی مەلا بووە و مەلای چاکیش بووە و شارەزاری کولتووری ئیسلام و یۆنانی کۆن و ڕەوانبێژیی عەرەبی و کەلەپووری ئەدەبی کلاسیکی فارسی و کوردی و عەرەبی بووە))(مەلا کەریم، ٢٠٠٩:١٩).

هەروەك خۆی ئەڵێ:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٠٦)

لێرەدا نالە بە توندی ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن کە بە زمانانی تر شیعر نانووسێت، دەڵێ کە بە عەرەبی و فارسی نانووسم واتا ئەوە نییە کە من توانام بەسەر ئەو زمانانەدا ناشکێت، بەڵکو من دەمەوێ جیاوازبم لەوانەی تر، دەمەوێ زمانی کوردی بهێنمە ناو ناوانەوە کە شاعیرانی تر ئەمەیان نەکردووە.

هاوشێوەی ئەم شانازیکردنەی نالی بە زمانەکەی لەناو نووسەر و شاعیرانی ئەورووپیشدا هەبووە، بۆ نموونە لە بارەی نووسەری چیکی (فرانس کافکا)[iii]و بەراوردکردنی لەگەڵ نالیدا، ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ:((کافکا هەمان حاڵەتی نالی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانەی نالی، دۆلۆز شیکارییەکی زۆر جوانی کافکای کردووە، دەڵێت کافکا نەیدەتوانی بە زمانی (یدیش) بدوێ کە زمانی جووەکان بوو، زمانی (چیك)یش بۆ ئەو جگە لە زمانێکی فەرمیی و ئیداری و ئاخاوتن شتێکتر نەبوو. بەڵام زمانی ئەڵمانی لەو سەردەمەدا زمانی کلتوور و سەردەستەی ئەوکاتەی چیکۆسلۆڤاکیا بوو، کە کافکا هەوڵیدا بە چنگەنڕێ خۆی لەناو ئەو زمانە هەڵکۆڵێت. کافکا زۆر هەڵبژاردنی لەبەردەمدا بووە، نالییش بەهەمان شێوە، کافکا دەیتوانی بە زمانی چیکی بنووسێت، خۆی فێری (یدیش) بکات، یان بە زمانێکی دیکە بنووسێت، نالییش دەیتوانی بە عەرەبی، فارسی، تورکی بنووسێت، یان هەر بە کوردی نەنووسێت، بەڵام نالی کوردی و کافکا ئەڵمانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی (خۆ)ی تێدا بەرجەستە بکات))(سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٨٨).

ئەم شانازیکردنەی نالی بە شیعرەکانییەوە تەنها لەم دەقە شیعرییەدا نابینرێ، بەڵکو لە دەقی تریشدا دەبنیرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرگیز خۆی لێ نەگۆڕاوە هەروەکو دەڵێ:

**((لایقی مەخزەنی طەبعە هەموو کەنزی غەزەلم**

**قابیلی ضەربی ڕەواجە زەڕو زیوی مەثەلم))**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ٢٨٨)

لە واتای ئەو دێرە شیعرەدا لە پەڕاوێزی دیوانی نالی دا هاتووە: ((هەرچی شیعرم هەیە وەك زەڕ و زیوی ناو گەنجینە وایە و شایانی ئەوەیە لە عەماری چاپخانەدا دابنرێ ...)) (مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦ :٢٨٩) ئەوەش ئەوپەڕی شانازی بەخۆکردنە کە شاعیر لە بارەی شیعرەکانییەوە دەریدەبڕێت، هەروەها لە دەقی تریشدا ئەم شانازیکردنە درێژە پێدەدات و نەك بە کوردی نووسین بە خاڵێکی لاواز نازانێت، بەڵکو(( لەسەر هێرشی خۆی بۆ سەر ئەو ناحەزانە ئەڕوا و پێیان ئەڵێ پایەی شیعرەکانم بەوە کەم نابێتەوە کە بە کوردین و هەمووومان منیش و ئێوەش و ئەم خەڵکەش تێکڕا کوردی ئەزانین و کەواتە شیعر بە کوردی وتن هیچ هونەرێکی تیا نییە. ئەگەر ئێوە خاوەن بیر و فامیدە و تێگەیشتوو ئەبوون، بیرتان لە مەعنای شیعرەکانم ئەکردەوە و ئەتانزانی چ جۆرە مەعنایەکم خستووەتە قاڵبی شیعرەکانمەوە))(مەلا کەریم، ٢٠٠٩: ٧٤). هەروەکو دەڵێ:

**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**

**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٠٧)

نالی دەڵێ بۆتان نییە ڕەخنە لە دەربڕینەکانم بگرن لەبەرئەوەی بە کوردی نووسراون، کەسانی شارەزای دەوێ تا بتوانێ لە واتا و مەبەستەکانی تێبگات، هەروەها ئەڵێ ئێوە لەوانەیە بتوانن بە کوردی شیعر بڵێن، بەڵام چونکە شاعیر و هونەرمەند نین، مەعناتان دەستگیر نابێ، بیخەنە شیعرەکانتانەوە، لەبەرئەوە خۆی بەراوردکردنتان لەگەڵ من وەك بەراورد پێکردنی پەتك و تاڵی ئاوریشمی باریکە کە هیچ مەیدانێکی بەراورد بەیەککردنیان لەنێواندا نییەزۆر بە ئاشکرایی و بێ پەردە گەورەیی و بەرزی شیعر و شاعیرێتی لە واتادا دەبینێتەوە و تەواو پاڵپشتی بۆچوونی واتا و لایەنگرانیەتی، چونکە گەورەیی و مەزنی لەو وشەدا نابینێتەوە، بەڵکو لەو واتایەدایە کە وشەکە هەڵیدەگرێت و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و بۆیەشە دەڵێت سەیری وشەکان مەکە کە خۆم دروستم کردوون و تازە داممهێناوە، کە ئەمەی دووەمیش زاراوەیەکی بەلاغی کۆنە (خۆکردییە = بەداعەت) گەر لێزانی وەرە سەیری واتاکەی بکە.

(( خودئاگایی (من) لە کۆتاییدا بوێرانەتر دێتە ئاخاوتن و شەڕێکی دەستە و یەخە دەکات لەسەر ڕوونیی و نازکی. وشەی (نازك) یان (ناسك) مانای ڕوون و شەففاف و شوشەییش بە دەستەوەدەدا، چونکە یەکێك لە سیفاتەکانی شووشە، نازکییەکەیەتی، هەروەك چۆن یەکێك لەو وەسفانەی بۆ منداڵ و ژنیش دەکرێت هەمانە. خودئاگایی خۆهوشیار لە میانەی ململانێیەکەوە کە تیایدا خۆی بۆ ئاشکرا بووە، خۆیشی بۆ ڕوون بۆتەوە. شیعریش زمانێکە بۆ بەیانکردنی ئەو ڕوونبوونەوەی خودە. بەوجۆرەش دیسانەوە ململانێی دوو خودئاگایی دێتە ئارا. ململانێ لەنێوان خودێتییەکدا کە دەتوانێت بە زمانی خۆی، خۆی ڕوونبکاتەوە و خودێتییەك کە لە زمانی خۆیدا، کە کوردی نییە، خۆی بەیان دەکات، واتە زمانی ئەویتر، بەڵام ئەگەر لە قۆناغی سەرەتادا خودئاگایی ئاغا تەنیا دەیەویست کۆیلەدانی پێدا بنێت و خودئایی کۆیلە خودئاگابوو بەرامبەر بە کۆیلەیەتی خۆی، ئەوە ئەمێستا لە میانەی کارەوە، یان دۆزینەوەی زمانەوە کە گوزارشتە لە خودێتی...)) (سیوەیلی،٢٠٢٠: ٣٠٩، ٣١٠).

دیارە خۆی دەزانێ کارێکی کردووە پێشتر نموونەی کەم بووە، یان هەر نەبووە، بۆیە (( لەم هەموو هاوارەی نالی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەلق بەرەو وردی و نازکی و قووڵی و مەتانەتی هەڵبەستەکانی هەر دەڵێی خەریکە پەنجەمان بگرێ و لەسەر خەزێنەی گەوهەرە شاراوەیەکانی دابنێ، وە یا پێڵووی چاوە نووستووەکانمان هەڵداتەوە تا پڕشنگەی شەوچراکانی ببینن. مرۆڤ مەگەر گوێگران بێ، ئەگینا هاوارەکانی نالی لە حەوت خەوی غەفڵەتی بەخەبەر دێنن. نالییش نەکەین بە شاهید بۆ خۆی، نەمرێکی وەك حاجی قادر لە دە جار زیاتر شایەدیی بۆ بلیمەتی نالی داوە))(محەمەد، ٢٠٠٧ :١٤٢،١٤٣)، هەروەکو حاجی قادر کۆیی لەمبارەیەوە دێرە شیعرێکی هەیە[iv].

کەواتە دیسان لێرەدا دەبینرێت کە نالی پەنا بۆ وشەی جوان دەبات، چونکە ((کۆمەڵکردنی وشەی نازك و تەڕو تۆڵ و زرینگەدار لەناو هەر نووسینێك بێ (هەڵبەست یا پەخشان) لەخۆوە ڕەونەقێك دەدا بە نووسینەکە. ڕێگەش هەمواردەکا لە پێش هەنگاوی نووسەر بۆ ئەوەی بێ زەحمەتێکی زۆر. زەنەی دەروونی بخاتە ناو زەرفێکی جوانەوە. شاعیر هەیە بەشێکی زۆری دیوانەکەی وشەی بژاردە و تریسکەدارن کەلەبەری بێ واتایی پێ پڕکردۆتەوە. بێگومان نالی لە بەکارهێنانی وشەی جواندا مەبەستی تێبردنی بێ واتایی نەبووە، چونکە وەك دەزانین واتا لەشیعری نالیدا تەنگی بە وشە هەڵچنیوە))(محەمەد، ٢٠٠٧ :١١٦). هەر وشەیەك لە دێرە شیعرەکانی نالی زیاتر لە واتایەك لەخۆدەگرن،((هەڵگوشینی شیعری نالی تا ئەو ڕادەیە وشکایی واتاکانی دێت، کارێکی بە کێشەیە، نەفسێکی درێژی پێ دەوێ، سەڕەڕای کێشە، تا بشڵێی ورد و چاوخەڵەتێنە. مووقڵاشی و زەڕڕەبینی، زەفەریان پێ نابات، ڕەنگە ئەوساش زەفەر پێبردن هەر یەکجار زەحمەت بێ. بەڵام پاداشی هەڵێنانی گەوهەرەکانی لەزەتێکی ئەوەندە گەورە بێ هەمتایە، هەموو خۆ پێوە ماندووکردنێك و لەگەڵ خەریك بوونێك دێنێ))(محەمەد، ٢٠٠٧ :٩٦). هەرچەندە زۆر لێکدانەوەی ورد بۆ شیعرەکانی نالی کراوە، بەڵام وەك مامۆستا مەسعود محەمەد دەفەرمووێ(( بەشێکی زۆری تێکڕای ئەم هەڵبەستانە تا ئێستا بە تەواوی، بگرە بە نیوەچڵیش، ساغ نەکراونەوە و واتایان وەك تارمایی دیار و نادیاری ناو ئەم تەم و تاریکاییە))(محەمەد، ٢٠٠٧ :١٥٦). ئەم بۆچوونەش هەر لێکدانەوەی ڕەخنەگران نییە، بەڵکو خۆی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێدەکات، بۆ نموونە ((غەزەلێکی هەیە گلەیی لە چەرخی زەمان ئەکا تیایا و ئەڵێ گەردوون هەمیشە کاری هەر ئەوە بووە خراپە سەربخاو چاکە بکا بە ژێرەوەو بەهرەمەندان چاو لە دەست و داماوی کەسانی مایەپووچ بکا. لەو غەزەلەیدا ئەم بەیتەشی هەیە کە هەمووی شانازییە بەخۆی و بەسووکزانینی بەرانبەرەکانییەتی بەرانبەر خۆی:

**(نالی) حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**

**بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزەنویسە، گەپ دەکا**

ئەمە دیارە نیشانەی ئەوەیە کە نالی خۆی بە هاوسەری کەس لەو هاوەڵانەی خۆی دانەناوە کە لە کۆمەڵدا دیاری بوون و خۆیی لا لە هەموویان بەقابیلەتر بووە. جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە مەشهوورە گوایە ڕووی دەمی سەرەتای ئەم غەزەلە لە موفتی زەهاوییە و هەموویشمان ئەزانین موفتی چ زانایەك بووە و پایەیەکەی ئایینی و زانستی و کۆمەڵایەتیی چەند بەرزی بووە، بۆمان دەرئەکەوێ ئەبێ نالی چۆن پیاوێك بووبێ و تا چ ڕادەیەك بەخۆی نازیبێ))(مەلا کەریم، ٢٠٠٩: ٦٧).

هەروەها لە دێرێکی تردا دەڵێ:

**بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ثەنا خوانی دەکا**

**نوکتە سەنجیی و، بەذلەگۆیی و،عەنبەر ئەفشانی دەکا**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٠١)

وەک دەبینین لێرەشدا نالی زەوق و بەهرەی شیعر گوتنی خۆی بە ئاوازی بولبول چواندووە و ئەو تەبعە ڕەوانەشی بیرو واتای ورد و قوڵ (نوکتەسەنجی) و قسەی ناسک و خۆش (بەزلەگۆیی)ی لێ هەڵدەقوڵێ و بۆن و بەرامەی خۆش (عەنبەر ئەفشانی) بە هەموو لایەکدا دەپرژێنێت.

هەروەها لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهـ سوار**

**بێ تەئەمموول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦:
١٠٦)

لێرەشدا نالی وشەی فەساحەتی داوەتە پاڵ خۆی، کە وەکو پێشتر باسی لێوەکراوە لە ڕەوانبێژی کۆندا لایەنگرانی جاحز دەیدەنە پاڵ وشەکان و هەندێکیش دەیبەستنەوە بە واتا یا وشە و واتا، لێرەدا ڕەوانی و فەساحەتی نالی باڵادەستییە بەسەر تێکرای ئەو زمانانەی کە دەیزانێ بە وشە و واتاوە، «بەڵام نالی وە نەبێ لەهیچەوە شانازیی بەخۆیەوە کردبێ. لە هونەرمەندی و شاعیرییەتی کە شانازی بە خۆیەوە ئەکا. واتە شانازی بە شیعرو هونەرەکەیەوە ئەکات. دیارە نالی لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی شیعرو توانای دیاریکردنی خاڵەکانی هێزو بێ هێزیدا گەیوەتە ڕادەیەکی یەکجار بەرز، بۆیە توانیویەتی ئەو هەموو دەستی قەدر و قیمەتە بخاتە سەر شیعری خۆی...»(مەلا کەریم، ٢٠٠٩:٧١). لە دێرە شیعرێکی تری هاوشێوەدا دەڵێ:

**بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح،**

**هەر کەسێ کۆتاڵ و پارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦:
١٠٧)

وەرە ئەی ئەوەی لە شیعر دەزانی، ڕەشنووسی شیعرێک کە هێشتا پاکنووس نەکرابێ بە ڕوحت بکڕە، ئەمەش ڕاستی بەیتی پێشوو دەسەلمێنێت کە نالی گەورەییەکە بۆ واتا دەگەڕێنێتەوە نەک ڕیزبوونی وشەکان، چونکە لێرەدا هێشتا شیعرەکەی مشتوماڵ نەکردووە، دەڵێ وەرە ئەی ئەوەی بە دوای پارچەی دەگمەندا دەگەڕێی ئەم ڕەشنووسەم بە ڕۆحی خۆت سەودا بکە، هێشتا هەر قازانجتە.

وەك دیارە لە تەواوی شیعرەکانیدا «بەکارهێنانی وشەی واتا مەیلەو بەرز، کارێکە نالی زۆر جارانی کردووە»(محەمەد، ٢٠٠٧: ١٨٥) « بەشێکی بەرچاوی دیوانەکەی نالی بریتییە لەم شێوە شیعرەی واتا سەختی، وشە سەرکەشی، دارشتن مەحکەم، وا هەیە غەزەلێك وە یا قەصیدەیەکی سەرلەبەری بەم شێوازە داناوە، وەك قەصیدەی:

**ئەی جلوەدەری حسن و جلوەکێشی تەماشا**

**سەرڕشتەیی دین بێ مەدەدی توو نیە حاشا...**»، (محەمەد، ٢٠٠٧: ١٥٦)

ئەو وردەکاری و قورسی واتایە دەگاتە ڕادەیەك کە دەگوترێ:«هەروەك یاریی شەترەنج زیهنی یاریچی تیژ دەکا، شیعری نالی لەویش زیاتر زیهنی ڕۆشنبیر دەکاتەوەو ڕای دێنێ بە هەڵێنانی مەتەڵی زیهنی لە مەیدانەکانی ئەدەب و وەك ئەدەبدا کە ڕامیاری و ئابووری و هونەرییە، دەتوانم گرەو بکەم لەسەر ئەوە دۆزینەوەی تەڵەی شەترەنج کە گەورەترین زانای شەترەنج نابێتیەوە کەمتر زیهن کاری دەوێ. لە دۆزینەوەی تەڵەی واتا کە نالی خستووەتیە نێوان هەندێ هەڵبەستەکانیەوە. کە دەڵێم (گرەو دەکەم) ئەوە بزانە لە پێشەوە گرەوەکەم بردووەتەوە، چونکە نزیکەی ١٥٠ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر بەشێکی ئەو تەڵانەی نالی تا ئێستاکەش بە کەس نەڕەواوەتەوە»(محەمەد، ٢٠٠٧ :٩٧)، لە دێرە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

**شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی ؟!**

**کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٠٧)

دیسان لێرەشدا نالی زاراوەیەکی دیکەی ڕەوانبێژی کۆن بەکاردەبا، کە مەرجێکە توندوتۆڵی دەداتە شیعر ئەویش نازکی (لەتافەت)ە، شیعری خۆی لە پلەیەکی باڵای نازکی دادەنێت و بە تاڵە دەزووی ئاوریشمی بەراوردی دەکات لەبەرامبەردا هی خەڵک بە بەن و پەتک.

لە دێرە شیعرێکی دیکەدا نالی زۆر ئاشکراتر بۆچوونی خۆی لەبارەی بەبەرزتر دانانی واتا بەسەر وشەدا دەردەبڕێ:

**لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ**

**بێ خەطا کەس نیە ڕاضی کە لە ئەولادی درێ**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦:
٦٥٣)

لێرەدا ئەوەی زەقکراوەتەوە واتای شیعرە، واتە نالی بە دەست لێکدانەوەی خراپی واتایی بۆ شیعرەکانی کە وەک جگەرگۆشەی وان دەناڵێنێ«هەتاکو شێوە پڕ ڕەنگ و وێنەو نەقش و نیگار بێ، پتر لێ دەوەشێتەوە ببێت بەزەرفی واتای وردو ناسك و شەنگ، نالی خۆی لە بەیتێکی زۆر بەسۆزدا ئەمەی گوتووە: ... مەعنا لێدانەوەی خراپی شیعریش لە سێ ڕێبازی ڕاستە سەقامەوە دێت، جگە لە لاڕێی و کوێرەڕێی ئەوتۆ لێرەدا جێی باس کردنیان نابێتەوە، یەکێك لەو ڕێبازانە ئەوەبوو کە لێی دەدوام و وا ئێستاش دێتەوە پێشمان:

ڕێبازی یەکەم: مەعنا لێدانەوەی هەڵەو چەوت و کەموکەسر.

ڕێبازی دووەم: لە لاوە خواستنەوەی واتا بۆ ناو هەڵبەست.

ڕێبازی سێیەم: کەم کردنەوەی مەعناو سڕینەوەی جوانی و ئارایشت، کە ئەمەیان یەکجار لە هی دووەم ناپەسەندترە»(محەمەد، ٢٠٠٧: ١٨٩)، ئەم واتایەش لە هەندێ شیعری دیکەدا پەیوەست دەبێ بە شتی دیکەوە:

**بە ظاهیر گەر مەگەس دارە، بە باطین صەد چەمەن زارە**

**بە صورەت یەک بە یەک خارە، بە مەعنا صەد گوڵوستانە.**

(مدرس و عبدالکریم،١٩٧٦
:٤٩٣).

هەرچەندە بۆنەی وتنی ئەم شیعرە وەسفی ڕێگەی مەککەیە، بەڵام دەتوانین چەند شتێکی لێ هەڵهێنجین:

1. نالی لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەردوو وشەی زاهیر (ڕواڵەت) و باتین (ناخ) دەهێنێت و پیس و پۆخڵی پەیوەست بە زاهیر دەکا و گوڵ و گوڵزاریش بە ناخ و باتین، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە نالی کەسێک بووە بڕوای بە ڕواڵەتی ڕووکەش نیە و کێشەی نێوان ڕووکەش و ناخیش درێژکراوەی ئەو کێشمەکێشمە فەلسەفییەیە کە فەیلەسوفانی کۆنی ئیسلامی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیدا هەیانبووە و پەڕیوەتەوە ناو ئەدەب و

ڕەخنەی سەردەمی عەباسییەکانیش، زۆرجار دەقی پێ هەڵسەنگێنراوە و نالیش بەهۆی کاریگەربوونی بەو کلتورە وەریگرتووە.

2. لە نیوەدێڕی دووەمدا کە تەواوکەری بۆچوونەکانی نیوەدێڕی یەکەمە هەردوو وشەی سورەت (دیمەن = ڕوخسار = شێوە) و واتا دەهێنێت و خار و خەس و دڕک بە شێوە و ڕوخساری دەرەکی پێوەست دەکات و واتاش بە گوڵستان، خۆشی دواجار دەبێتە لایەنگری گوڵستان و چەمەنزار و واتا.

نالی لە نیوەدێڕێکی دیکەشدا ئەم پەیوەندییە دوانەییەی نێوان شێوە و واتای داوەتە بەر باس:

**بە سوڕەت: جەلوەتی، غەرقی عەلایق هەروەکو خەلقی**
**بە مەعنا: خەڵوەتی، مەستی موناجات و موجەڕڕەد بی**

(مدرس و عبدالكريم،١٩٧٦: ٦٣١).

دیسان لێرەشدا نالی هەردوو وشەی (سوڕەت) و (مەعنا)ی هێناوە بۆ وەسفکردنی مرۆڤێ کە خواناس بێت، بەڵام وا خۆی دەرناخات کە خواناسە و هەمیشە فیز بەسەر خەڵکەوە بکات، لەم ڕووەشەوە سوڕەت بە زاهیر و مەعناش بە باتین گرێدراوە، لە هەمانکاتدا سورەت بە ڕۆژ و مەعناش بە شەو بەستراوەتەوە، بەڵام لێرەدا هاوتایی و یەکسانییەک لەنێوان شێوە و ناوەڕۆکدا هەیە، چونکە ئەو خواناسەی نالی دەیەوێت لەڕووی ڕوخسارەوە کەسێکی ئاساییە و بە ڕۆژ وەکو کەسێکی ئاسایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدایە و بە شەویش لە زیکری خودا دایە.

لە شیعرێکی دیکەدا نالی بە چەشنێکی دیکە لە واتا دواوە:

**نوکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەماڵ**
**خەط بە خەط ئیظهاری نەقشی صوڕەتی (مانی) دەکا**

**ئیستیطاعە و قووەتی طەبعم، بە کوردی و فارسی**
**عارەبی، ئیظهاری چالاکی و چەسپانیی دەکا**

(مدرس و عبدالكريم،١٩٧٦: ١٠٣، ١٠٤)

ئەم دەقە دوو خوێندنەوە زیاتر هەڵدەگرێ یەکەمیان ئەوەیە کە نالی ئەفزەڵییەت و بەرز و باڵایی شیعر دەداتە پاڵ واتا، واتە دەبێتە لایەنگری ئەو چینەی کە واتا لە وشە بە بەرزتر دادەنێت، ئەویش لەو ڕووەوە کە نووکی خامەی خۆی بە نیگاری سورەتی (مانی)[٧] دەشوبهێنێت، واتە خامەی نالی وەک فڵچەی (مانی) وایە و نیگاری دەگمەن و ڕازاوە دەکێشێت و ئەو وێنانەش لەڕووی واتاییەوە لەوپەڕی تەواومەندێتی و کەماڵ دایە، بەڵگەی ئەو بۆچوونەمان ئەوەیە کە نالی مەعنا ئارایی کەماڵ پەیوەست دەکات بە توانستی بەهرەی شیعریی زگماکییەوە (ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم = توانستی بەهێزی بەهرەی نووسینی زگماکی)، بەمەش واتا لەخۆڕا نایەت، بەڵکو لە بەهرەیەکی زگماکییەوە دێ و بە فێربوون و ئەزموون وەرناگیرێ، کەواتە گەورەیی شیعر لە تەواومەندێتی واتایی دایە.

دووەم جار دەشێت شیعرەکە بە چەشنێکی دیکە لێکدانەوەی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە کە نالی لە نیوەدێڕی یەکەمدا وشەی مەعنائارایی هێناوە و لە نیوەدێڕی دووەمیش (خەت بە خەت) و (سوڕەت)ی هێناوە کە ئاماژەیە بۆ شکڵ و شێوە و ڕیزبوونی وشەکان و ئینجا هەردووکیانی پێکەوە بەستۆتەوە و هاوتای ئەو نەخش و نیگارانەی کردووە کە (مانی) کێشاویەتی، واتە لێرەدا نالی بەها و نرخ بۆ واتا و وشە دادەنێت و پێکەوەیان گرێ دەدات، هەروەها لایەنی بەهرە (تەبع) لەگەڵ لایەنی ئەزموون و فێربوون (کوردی و عەرەبی و فارسی) پێکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش بنەمای شیعری چاک لای نالی دەبێتە دوو شت، ئەوانیش یەکگرتوویی بەهرە و ئەزموون و واتا و وشەکانە.

هەروەکو لە دێڕێکی دیکەدا ئەم جۆرە ڕوانینەی نالی بۆ وشە و واتا و پەیوەندی نێوانیان بە چەشنێکی خوازەییانە دەردەکەوێت:

**نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**
**مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفضی کەم و بچووک**

(مدرس و عبدالكريم،١٩٧٦ :٢٦٠)

ئەم دێڕە دوو ڕاڤە هەڵدەگرێ کە پێچەوانەی یەک دەوەستنەوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە نالی لە ململانێی نێوان وشە و واتادا پشتی لایەنگرانی واتا دەگرێت و بەرزی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ هەبوونی بەرزی و زۆری واتاکان لە شیعر، (مەعنایی زۆر و گەورە) و وشە بە لاوەکی و کەم سەیر دەکات (لەفزی کەم و بچووک)، ئەمەش پێچەوانەی قسەکەی جاحزە کە دەڵێ واتاکان لەسەر ڕێگاکان فڕێدراون و کۆکە لەگەڵ هەوادارانی عەبدولقاهیری گورگانی.

دووەمیان: کۆکی و یەکانگیری قسەکەی نالییە لەگەڵ ئەو زانایانەی ڕەوانبێژی کە وشە و واتا بە دوو ڕووی دراوێک دادەنێن و وا پێناسەی ڕەوانبێژی دەکەن کە واتاگەلێکی زۆر(مەدلولێکی زۆر) لەسەر چەند وشەیەکی کەم (دال)ێک باربکەیت و بەمەش فرە واتاییەکی زۆر بۆ شیعرەکە بهێنێتەکایەوە، نالیش پێمان دەڵێت ڕاستە وشەکان لەڕووی ژمارە و قەبارەوە کەم و بچووکن (دالەکان کەمن)، بەڵام واتاکان زۆر و گەورەن (مەدلولەکان زۆرن) و ئەم جۆرە هونەرکاری و وەستاکارییە سەیر و نایابەش لە توانای کەسێکە کە لێزان و شارەزا بێت.

لە هەندێک دێڕی دیکەدا نالی وشەی (نەزم)ی بەکاربردووە، کە پێشتر لای عەبدولقاهیر لێی دواین، بۆ نموونە:

**نەضمی (نالی) میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە**
**دو ڕووە بۆ سەیری خاطر، یەک خەفی و یەک ئاشکار**

(مدرس و عبدالكريم،١٩٧٦ :١٧٤)

لێرەدا نالی گەڕاوەتەوە بۆ بیرۆکەی ڕیزبوونی کەرەسەکانی شیعر و دانانیان لە شوێنی دروستی خۆیان، واتە هەمان ئەو تیۆرەی کە عەبدولقاهیر و لایەنگرانی ئاماژەی بۆ دەکەن بە گرنگ ئەژمارکردنی دانانی وشەکان لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان، هەروەها دیسان گەڕاوەتەوە بۆ واتای واتا کە عەبدولقاهیر باسی کردووە، کە واتای بەلاغی وشەکانە نەک واتای گشتی کە هەموو خەڵک لێی تێدەگات، بۆیە دەبینین نەزم (شیعر= ڕیزبوون و داڕشتنی وشەکان) بە ئاو و ئاوێنە چوێنراوە و هەروەک چۆن ئەوان ڕەنگیان نییە، بەڵام زۆر شت دەنوێنن، نەزمی (نالی) ش ئاوایە و دوو واتای هەیە، یەکێکیان ئاشکرایە کە هەموو خەڵک لێی تێدەگات، بەڵام ئەوەی تریان خەفی و شاراوەیە و تەنیا ئەهلی شیعر لێی تێدەگەن.

لە شوێنێکی دیکەدا ئەم نەزمە بە شتی دیکە گرێدراوە:

**نوصحی (نالی) ڕەنگە هەر کەس بیبیێ، بیکاتە گوێ**
**چونکە نەظمی صاف و وردە، هەروەکو مروارییە.**

(مدرس و عبدالكريم،١٩٧٦ :٥٨٢)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر وشەی (نوسخ = ئامۆژگاری و پەند و عیبرەت)ی هێناوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکەوێتە ناو خانەی واتاوە، لە نیوەدێڕی دووەمدا وشەی (نەزم = هۆنینەوە و ڕیزکردنی وشەکان) هاتووە و هەریەک لە نوسخ و نەزمیش بە ئەندازەی یەک کاریگەرییان هەیە و هیچ یەکێکیان بەسەر ئەویتر فەرز نەکراون، ئەمەش لەبەرئەوەی ئامۆژگارییەکە (واتاکە) چاک و پتەو و بەکەڵکە و ڕیزکردن و دارشتنەکەشی بێ گرێ و گۆڵ و کێشەیە، وەکو مرواری ساف و لووسە و هەر کچێکی جوان ببینێ ئارەزوو دەکات بیکاتە گوارە و لە گوێی بکات.

## ٤. ئەنجام

١. نالی وەک شاعیرێکی کارامە و توانا، زۆر بە وردی ئاگای لەو کێشمەکێشمە و ململانێیە هەبووە کە زمانەوانان و زانایانی ڕەوانبێژی عەرەب لەبارەی وشە و واتادا هەیانبووە و ئەمەش لە دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢. نالی لە هەندێک شیعردا واتا بە بەرزتر لە وشە دادەنێت و باشی و توندوتۆڵی شیعر دەبەستێتەوە بە لایەنی واتایی.

٣. لە هەندێک دێڕی دیوانەکەیدا، نالی هەردوو لایەنی وشە و واتا وەک یەک سەیر دەکا و بوونی هەر یەکێکیان بە پێویست دادەنێت و وەکو دوو ڕووی دراوێک لێیان دەڕوانێت.

٤. نالی کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک (تەبع، فەساحەت، ئینشا، نەزم، سورەت، زاهیر، باتین، نازکی، دیققەت)ی لە شیعرەکانی بەکاربردووە، کە هەموویان لە چوارچێوەی دوالیزمی وشە و واتا لە ڕەوانبێژی کۆندا ئاماژەیان پێکراوە و بوون و هاتنەدیان خراونەتە پاڵ وشە یا واتا یا هەردووکیان پێکەوە.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان


سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٠١، کتێبی نالی، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٢٠، نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کولتووری، چاپی دووەم.

محەمەد، مەسعود، ٢٠٠٧، چەپکێك لە گوڵزاری نالی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

مدرس و عەبدولکەریم، مەلا عەبدولکەریم و فاتیح، ١٩٧٦، دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، محەمەدی مەلا کەریم پیاچووەتەوە، بەغدا.

میران و شارەزا، سەردار حەمید و کەریم، ١٣٩٠هـ، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، چ. ٢، چاپخانەی سەمیی، سەردەشت.

مەلا کەریم، محەمەد، ٢٠٠٩، نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم.

بومنجل، عبدالملك (د.) (٢٠١٥)، تأصيل البلاغة، بحوث نظرية و تطبيقية في أصول البلاغة العربية، منشورات مخبر المثاقفة العربية في الأدب و نقده.

الجاحظ، الحيوان، أبو عثمان: عمرو بن بحر (ت : ٢٥٥هـ) (١٩٣٨) ج٣، تحقيق: عبدالسلام هارون، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة.

الجرجاني، عبدالقاهر، (١٣٢١)، دلائل الإعجاز، تصحيح: محمد عبده، محمد محمود التركزي الشنقيطي، مطبعة مجلة المنار، القاهرة.

جمعى، الاخضر (د.) (٢٠٠١) اللفظ و المعنى في التفكير النقدي و البلاغي عند العرب، ط. ١، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق.

حسين، عبدالقادر (؟)، أثر النحاة في البحث البلاغي، دار النهضة، مصر ـ القاهرة ط. 1، د.ت.

خصائص الأسلوب و جماليات البناء، دراستان في أسلوبي الرائدين نالى و گوران، د.طاهر مصطفى هيرانى، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، الطبعة الأولى، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٢٠.

رقية و خديجة، رقية، جيلاني خنفوسية (٢٠١٨)، قضية اللفظ و المعنى عند عبدالقاهر الجرجاني، رسالة الماجستير، جامعة عين تشمونت، جزائر.

زرين كوب، عبدالحسين (د.) (١٣٨٨) اشنايي با نقد ادبى، چ. ٨، انتشارات سخن، تهران.

الصغير، محمد حسين علي (د.) (؟) نظرية النقد العربي ،ط. ١، دار المؤرخ العربى، بيروت، لبنان. بدون تاريخ الطبع.

ضيف، شوقي (د.) (١٩٦٢)، في النقد الأدبي، ط. ٩، دار المعارف، القاهرة.

العبيدى، عادل هادي حمادي (د.) (٢٠١٢)، قضية اللفظ و المعنى، مجله الاستاذ، عدد ٢٠١.

العسكري، أبو هلال، الحسن بن عبد الله (ت: ٣٩٥ هـ ) (١٩٧١) كتاب الصناعتين، تحقيق: علي محمد البجاوي، محمد أبو الفضل ابراهيم، مطبعة عيسى الحلبي، القاهرة.

العلوي، محمد أحمد بن طباطبا (١٤٢٦)، عيار الشعر، شرح وتحقيق :عباس عبد الساتر، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

فيود، بسيوني عبدالفتاح (د.) (٢٠١٠) علم المعاني، ط. ٣، مؤسسه المختار للنشر و التوزيع، القاهره.

قبايلي، حميد (د.) (٢٠١٧) نظرية النظم عند عبد القاهر الجرجاني، دراسة في الأسس و المنطلقات، مجلة الاثر، عدد ٢٩.

القيرواني، أبو علي الحسن بن رشيق (ت: ٤٥٦ هـ)، (١٩٧٢) العمده فى محاسن الشعر وآدابه و نقده، تحقيق: محمد محيي الدين عبدالحميد، دار الجيل، بيروت.

كاهنة و مدواس، بو منصور و زينة (٢٠١٨) تطور النظرية النظم بين الجاحظ و عبدالقاهر الجرجانى، اللفظ و المعنى انموذجا، رسالة الماجستير، كلية الاداب، قسم اللغة و الادب العربى، جامعة بجاية.

كريبة، كريمة محمد (د.) (٢٠١٥)، قضية اللفظ و المعنى في النقد العربي القديم، مجلة مركز دراسات الكوفة: مجلة فصلية محكمة، عدد ٣٨.

كاملان و يزدانى فر، محمد صادق (د.)، صالحة (١٣٩٢) ، دلالت الفاظ بر معانى از ديدگاه اصوليان و زبانشناسان، مجله مطالعات اسلامى- فقه و اصول، شماره ٩٥.

محمود، رزايقية (د.) (٢٠١٩) قضية اللفظ و المعنى عند الجاحظ: قراءة في رؤى النقاد المحدثين، مجلة إشكالات في اللغة و الأدب، عدد ٢، الجزائر.

محمود، فضيلت (د.) (١٣٨٥) معناشناسى و معانى در زبان و أدبيات، چ. ١، انتشارات رازى، كرمانشاه.

مندور، محمد (د.) (١٩٩٦)، النقد المنهجي عند العرب، دار نهضة مصر للطباعة و النشر، القاهرة.

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.ar.m.wikipedia.org